ڕەشید: یادی مام جەلال بانگەوازێکی هەمیشەیی بۆ کارکردن لەپێناو عیراقێکی یەکگرتوو

بۆ ئامادەبوونی د.لەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆککۆماری عیراق، ئەمڕۆ 3ی تشرینی یەکەمی 2025، سەرکایەتی کۆمار ڕووسمێکی یادکردنەوەی لە کۆشکی سەلام لە بەغدا، بۆ هەشتەمین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرۆککۆماری پێشووتر جەلال تاڵەبانی، وەك وەفادارییەك بۆ خزمەتکانی و میراتە سیاسییەکەی ڕێکخست.

لە ڕووسمەکەدا، وتاری سەرکایەتی کۆمار پێشکەش کرا، کە تێیدا هاتبوو، یادی مام جەلال تەنیا بەسەرچوونی مژوویەك نییە، بەڵکو بانگەوازێکی هەمیشەییە بۆ کارکردن لەپێناو عیراقێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ، مام جەلال خەباتی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت و ستەمکاری، و بەدەستهێنانی ئازادی و کەرامەت، نەك تەنها بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەل کرد.

هاوکات ڕاوێژکاران و بەڕێوبەرە گشتییەکان لە سەرکایەتی کۆمار و ژمارێیەك لە کارمەندان ئامادەی ڕووسمەکە بوون.